## سەیران عوسمان :

# ئەوەی خەونی گەورەی هەبێت ئاساییە ڕووبەڕووی ئاستەنگیش ببێتەوە



کاری ڕاگەیاندن، بەتایبەتی بێژەری بۆ کچان پێویستی بە چەند مەرجێك هەیە لەوانە لێهاتوویی و کارامەیی لە کاتی پێشکەشکردن و دەرکەوتن لەسەر شاشە و هەبوونی باکگراوەندێکی ڕۆشنبیری، جگە لەم مەرجانە زۆر جار روخسار و جوانیش ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە سەرکەوتنی بێژەر و ڕاگەیاندنکارە ئافرەتەکان، بگرە هەندێك لە کەناڵەکان جوانی بە پلەی یەکەم دەزانن. هەروەها زۆر جار بێژەرە ئافرەتەکان بە هۆی دەرکەوتنیانەوە روو لە کاری نواندن دەکەن، چونکە جگە لە جوانی دەرهێنەر و بەرهەمهێنەران حەز دەکەن سوود لە ناوبانگیشیان وەربگرن، لە کوردستان بە هۆی زۆربوونی ژمارەی کەناڵە ئاسمانی و لۆکاڵییەکان ژمارەی ئافرەتە ڕاگەیاندنکارەکان لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن روو لە زیادبوونە و بەسەر هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و هونەری و سیاسی وئابووری و پەیامنێریشدا دابەش بوون .

سەیران عوسمان یەکێکە لەو ڕاگەیاندنکارە ئافرەتانەی کە دەیەوێ لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە وەك ئافرەتێکی سەرکەوتوو لەو بوارەدا بناسرێت. سەرەتای دەست بەکاربوونی و هاتنە نێو بواری ڕاگەیاندنی لە ڕێگای بەرنامەی منداڵانەوە بووە، ئێستاش لە نێت تیڤی پێشکەشکارە لە هەمان کاتدا کاری دۆبلێری دەکات. لەدیدارێکیدا لەگەڵ گوڵان باسی خولیاکانی خۆی و کۆسپەکانی بەردەم ئافرەتی میدیاکار دەکات.

بێژەری و ڕاگەیاندنیش وەك زۆربەی کارەکانی دیکە زۆر جار لە حەزەوە دەست پێدەکات و ڕەنگە هەندێك جاریش بە ڕێکەوت بێت، لە بارەی دەرکەوتن و ڕووکردنە بواری ڕاگەیاندن سەیران دەڵێ: بێگومان حەز بووە، چونکە ئەگەر بە حەزەوە ڕوو لە کارێك نەکەیت، سەرکەوتن تێیدا ئاسان نابێت. بۆ منیش ئەم کارە حەز بووە و وەکو ئارەزووی زۆرینە حەزم کرد گۆڕانکاری لە شوێنی دەرکەوتنم بکەم و بڕوام وابوو لە نێت دەتوانم زیاتر خەونەکانم بەدی بێنم و هەنگاوی باشتر بهاوێژم و زیاتریش خزمەت بکەم.

لە بارەی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تایبەت و جددی و جیاواز لە بەرنامەی لایك مەگەزین کە تا ڕاددەیەکی زۆر بەرنامەیەکی سادە و ساکارە، بۆ ئەوەی زیاتر پێی بناسرێت و دەرکەوتنی بەهێزتر بێت، سەیران پێیوایە بە پەلەکردن ڕەنگە نەتوانیت ئەوەی لە خەیاڵی مرۆڤدایە بەدی بێت و لەم بارەیەوە دەڵێ: هەمیشە بڕوام وایە ڕێگایەکی دوور لە یەکەم هەنگاونانەوە دەست پێدەکات. منیش ئەو خەونەم هەیە و حەز دەکەم لە داهاتوودا بەرنامەیەکی تایبەت بە خۆم هەبێ و بڕواشم بە خۆم هەیە کە دەتوانم ئەو کارە بکەم، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە کەم نییە، ئەگەر لایك مەگەزین بەرنامەیەکی باش و لە ئاستێکی بەرزدا نەبێت ڕەنگە بینەران هەر گوێیان لە ناوی منیش نەبێت لە ئێستاشدا ئەوەندە دەکرێ و بێگومان لە داهاتوودا کاری گەورەتر و باشتر پێشکەش دەکەم و لە ئاست خەونەکانم دەبم.

ئافرەتان لە کۆمەڵگەی هاوشێوەی کوردستان و بەتایبەتی ئەوانەی لەو بوارانەدا کار دەکەن کە خەڵك بیانبینێت وەك ڕاگەیاندن و هونەری زۆر جار تووشی گرفتی جیاجیا و بێ بنەما دەبنەوە و دەکەونە بەر توانجی خەڵکانێکی نا ڕۆشنبیر، سەبارەت بەم بابەتە سەیران دەڵێت: لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەمە تا ڕاددەیەکی ئاساییە و من نە یەکەم کەسم و نە دوا کەسیش دەبم کە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە گرفتانە دەبمەوە. من زۆر جار لە لایەن زۆر کەسەوە دەستخۆشیم لێکراوە و داوا کراوە بەردەوام بم و هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ من دەخوازن، بێگومان جاروبار تانە و تەشەریش دەبێ، ئەوەش کارێکی ئاساییە، چونکە ئەوەی خەونی گەورەی هەبێ جار جارە تووشی ئاستەنگیش دەبێ، بەڵام خۆشبەختانە من بەهێزم و ئەوشتانە کارم لێناکات.

ئافرەتی ڕایگەیاندنکار، یان هونەرمەند هەر هەنگاوێك بهاوێت چاودێری دەکرێت و جەماوەر ورد و درشتەکانی لەبەر چاو دەگرن بەتایبەتی پۆشینی جلوبەرگ و چۆنیەتی دەرکەوتنی، زۆر جار ڕەخنە لە جلوبەرگی سەیران دەگیرێ، بەڵام سەیران لە وەڵامی ئەم ڕەخنانە دەڵێت: ئەو کەسەی ڕوو لە بواری هونەری، یان ڕاگەیاندن بکات، دەبێ بەرگەی ڕەخنەش بگرێت، جا هەر چۆنێك بێت و تەنانەت ئەگەر ڕەخنەکان ڕووخێنەریش بن، سەبارەت بە جلوبەرگەکانم من لەو بڕوایەدا نیم جلەکانم بەو شێوە بێت کە قبوڵنەکراوبێت یان بەو شێوەیە ڕەخنەی لێ بگیرێت، چونکە تاوەکو ئێستا کاردانەوەی خراپم نەدیوە بەهۆی جلوبەرگەوە، ئەوەشتان لە یادبێت هەریەك لە ئێمە دەبێ گۆڕانکاری بکات و دواتر ستایلی بەرنامەش وادەخوازێت.



سەبارەت بە بواری سینەما حەز لە نواندن دەکەم، ئەگەر سیناریۆ و دەرهێنەر و کوالیتی فیلمێکی باش هەبێت، ئامادەم ڕۆڵ بگێڕم، بەلای منەوە ئاساییە ڕاستە هەندێك دیوار هەن پێویستە بشکێندرێن، بەڵام بڕواناکەم وائاسان بێت، چونکە ئەو کارە تۆزێك ئەستەمە.



# شەڕی نێوان ئەنغام و کۆنە هاوسەرەکەی توندتر دەبێت

ماوەیەکە ناکۆکیی نێوان خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی میسری ئەنغام و خانەوادەی فەهد محەمەد-ی هاوسەری پێشووی کە بە رەگەز کوێتییە بەرز بووەتەوە و هەر جارێك کێشەیەك لە نێوانیاندا روودەدات. دوایین کێشەیان لەسەر مافی بینینی عەبدولڕەحمانی کوڕی لەلایەن خانەوادەی هاوسەرەکەی بووە.

ئەنغام بە نیازە لە ماوەیەکی نزیکدا ئاهەنگێکی گۆرانی لە کوێت ئەنجام بدات بە یاوەری گۆرانیبێژی ناسراوی سعودی محەمەد عەبدە و لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی سازکردنی ئاهەنگەکەی ناکۆکییەکە دیسان سەریهەڵداوەتەوە، لەم بارەیەوە رۆژنامەی (رأی) کوێتی بڵاوی کردەوە کە گومانی زۆر هەیە لەوەی ئەنغام نەتوانێت ئاهەنگەکە ساز بکات، چونکە بە هۆی بوونی حوکمێکی یاسایی لە دژی رەنگە رێگای چوونە ناو کوێتی پێ نەدرێت. دایکی فەهد بە رۆژنامەی ناوبراوی راگەیاندووە کە ئەگەر وەزارەتی ناوخۆی کوێت رێگا بە ئەنغام بدات ئەوا سکاڵای یاسایی لەسەر وەزارەتی ناوخۆی کوێتی بەرز دەکاتەوە، چونکە پێویستە ئەنغام دەستگیر بکرێت و زیاتر وتی: من بە دوای ئەنغامەوە دەبم تا ئەو هۆتێلەی تێیدا دادەبەزێ و ئەگەر دەستگیر نەکرێت، سکاڵا دژی هەر کەسێك بەرز دەکەمەوە کە بەرپرسە لە هاتنی.

دادگای باری کەسی لە کوێت بڕیاری دەستگیرکردن و هێنانی ئەنغامی دەرکرد بوو هەر کاتێك کە هاتە نێو فڕۆکەخانەکانی کوێت بەپێی ئەو سکاڵایەی کە دایکی کۆنە هاوسەری ئەنغام بەرزی کردبۆوە کە تایبەت بوو بە بینینی نەوەکەی.

پێشتر ئەنغام رایگەیاندبوو کە سەردانی کوێت دەکات بۆ سازکردنی ئاهەنگێك لە میانەی فیستیڤاڵی (هلا فبرایەر) بەڵام ئەوەی رانەگەیاندووە کە کوڕەکەی لەگەڵ خۆی دەبات، یان نا.



# بریانکا بە هیوایە ئۆسکار بەدەست بهێنێت

بەر لە نزیکەی شەش مانگ بۆ یەکەم جار وێنەکانی ئەستێرەی بۆلیۆد بریانکا شۆبرا لە تابلۆی ریکلامەکان لە ئەمریکا بڵاو کرایەوە، ئەمەش تا رادەیەك وەك سوپرایز بوو بۆ زۆر لە چاودێرانی بوارەکە، تەنانەت کەسە نزیکەکانی شۆبراش. بەڵام دوای چەند مانگێك و دیسان بۆ یەکەم جار وێنەکانی شوبرا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی ئەمریکا بڵاوکرایەوە لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی People's Choice Award دەرکەوتەوە، ئێستا شوبرا هەڵبژێردراوە کە یەکێك دەبێت لەو ١٣ کەسەی کە برگەکانی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی (٨٨)ـەمین خولی ئۆسکار، بەمەش دەبێتە یەکەم ئەکتەری هیندی کە لەم چوارچێوەیەدا دەردەکەوێت، شوبرا کە لەسەر فەرشی سوور رۆیشتووە لەبەردەم زوومی کامێرای رۆژنامەنووسان، لە دیمانەیەکدا وتی: پێموایە من زۆر شڵەژاوم و شەرم دەکەم، هیوادارم لە رێگای کاری داهاتووم بتوانم خەڵاتی ئۆسکار بەدەست بهێنیم و منیش ناوم بچێتە نێو لیستی ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئۆسکارن.

دەربارەی ئەو هەڵمەتانەی کە ئێستا لە ئارادان بۆ بایکۆتکردنی ئاهەنگی دابەشکردنی ئۆسکار کە بڕیار وایە لە ٢٨ی ئەم مانگە لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بەڕێوە دەچێت، وتی: هەمە رەنگی کارێکی باش و گرنگە، من رەگەزپەرست نیم، بەڵام پێموایە پێویستە لە سینەمادا فرەڕەنگی پیادە بکرێت.



# کیم هاوسەرەکەی دەردەکات

ماڵپەڕی ET Online رایگەیاند کە پەیوەندی ئەستێرەی تەلەفزیۆنی واقعی ئەمریکی کیم کارداشیان و کانیی ویستی تێکچووە و گەیشتە ئەو رادەیەی کە کانیی ویستی دەرکردووە، هۆکارەکەش بۆ هاوڕێیەکی هاوسەرەکەی دەگەڕێتەوە.

ماڵپەڕەکە ئاشکرای دەکات کە کیم کارداشیان هاوسەرەکەی دەرکردووە بە هۆی ئەمبەر رۆزی کۆنە هاوڕێی، کیم هەستی بە ئیهانە کردووە لەو شەڕە جنێوەی کە لە نێوان هاوسەری و ویزر خەلیفەی هاوڕێی ئێستای رۆز، چونکە خەلیفە و ویست قسەی زۆر ناشیرینیان بە یەکتری وتووە و رۆزیش لە وەڵامدا قسەی ناشیرنتری کردووە و بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە کیم رەنگە قسەی بە کیمیش وتبێت، بۆیە زۆر تووڕە بووە و لە ئەنجامدا هاوسەرەکەی دەرکردووە.

کیم لەوبارەیەوە رایگەیاندووە کە رەفتاری ویست بووەتە هۆی ئەوەی خۆی و خانەوادەکەی هەست بەسەرشۆڕی بکەن و کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەریان لە نێو خەڵك، هەروەها وای لێکداوەتەوە کە ویست هێشتا دڵی بۆ رۆز لێدەدات، بۆیە وای بە باش زانیوە کە لە ماڵی خۆی دەری بکات و داوای لە پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆی کردووە کە رێگای پێنەدەن جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ماڵەکەی.

ماڵپەڕی ناوبراو ئەوەشی راگەیاندووە کە دوور نییە ئەم رەفتارەی کیم ببێتە هۆی جیابوونەوەیان و کۆتاییهێنان بە ژیانی هاوسەرێتییان.

## ڕۆژین شەریفی:

# ئەکتەر و دەرهێنەری زۆر بە توانامان هەیە کە پێویستە هاوکاری بکرێن

**ڕۆژین شەریفی وەك کاراکتەری سەرەکی لە زنجیرە درامای (دووپشك) دەرکەوت و ناسرا، دواتر لە فیلمی (کلاسیکۆ) بەشداری کرد کە تا ئێستا لە کوردستان نمایش نەکراوە. لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان دەربارەی دەرنەکەوتنی و کاری داهاتووی ئاراستەی کرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** لە دوای زنجیرە درامای (دووپشك) ڕۆژین شەریفی سەرقاڵی چییە؟**

- من نەوەستام لە کار کردن، دوای (دووپشك) بەشداریم لە درامای (غوربەت)دا کرد کە تا ئێستا بە هۆی نەبوونی سپۆنسەرەوە بڵاونەکراوە، هەروەها بەشداریم لە فیلمی (کلاسیکۆ)دا کرد کە ئێستا تەواو بووە و لە ئەوروپا نمایش کراوە، دوای ئەم فیلمە ماوەی ساڵ و نیوێکە بەشداریم لە هیچ کارێکی هونەریدا نەکردووە، چونکە ئێستا قوتابی زانکۆم و فشارێکی زۆری خوێندنم لەسەرە.

*** لە کاتی تۆمارکردنی درامای (دووپشك) تۆ قوتابی قۆناغی شەشی ئامادەیی بووی کە قۆناغێکە سەخت و هەستیارە، کەچی کارەکەت بە باشی ئەنجامدا، بۆچی ئێستا فشاری خوێندنت لەسەرە؟**

- چونکە من لە زانکۆی ئەمریکی قوتابییم و خوێندنی ئەم زانکۆیەش تا ڕادەیەکی زۆر زەحمەتترە لە کۆلێژەکانی دیکە، من لە بەشی سیاسی (خوێندنی نێودەوڵەتی) کە مەنهەجەکەی هەمووی بە زمانی ئینگلیزیە و پێویستە کاتی زۆری بۆ تەرخان بکەم.

*** خوێندن لە بەشی سیاسەت دژ بە حەزی تۆ نییە وەك هونەرمەندێك؟**

- بێگومان حەزی یەکەم و سەرەکیم هونەرە و حەزی دووەمم کاری سیاسی و مرۆڤانەیە، بەڵام بە داخەوە لە کوردستان کۆلێژێك یان زانکۆیەکی هونەری باش نابینم کە لە ئاستێکی بەرزدا بێت بەتایبەتی بۆ ئەکتەری سینەما، بۆیە من بە ناچاری ڕووم لە حەزی دووەمم کرد کە کاری سیاسی و مرۆڤایەتییە بۆ ئەوەی بتوانم یارمەتی خەڵك بدەم، من پرسیاریشم کرد و هەوڵیشمدا کە لە بەشی نواندن بخوێنم، بەڵام خوێندن لێرە لە ئاست حەز و ئارەزووەکانی من نییە و سەرەڕای ئەوەی کە من دەزانم هونەرمەندانی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا لە چ بارودۆخێکی سەخت و دژواردان، بەڵام ئەگەر کۆلێژێکی ئاست بەرز هەبوایە بە بێ دوودڵی ڕووم تێدەکرد و لە بواری هونەر دەمخوێند.

*** ئێستا کوردستان لە قەیرانێکی سەختدایە، بەڵام وەك ڕۆژین شەریفی چ پلانێکت هەیە بۆ داڕۆژی خۆت وەك ئەکتەر؟**

- ئێستا تا دوو ساڵی دیکە بە زانکۆ بەستراومەتەوە، دوای ئەوە حەز دەکەم بڕۆمە دەرەوە و لەوێ لە بواری هونەری نواندن بخوێنم و بە حوکمی ئەوەی کە لە زمانی ئینگلیزی سوودی زۆرم لە زانکۆ وەرگرتووە، پێموایە ئەگەر لە دەرەوە بخوێنم ئەوا دنیایەکی دیکەم لەبەردەم دەکرێتەوە و هەوڵ دەدەم تەنیا بۆ کورد و کوردستان کار نەکەم، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان کار بکەم

*** بە دەر لە خوێندنی ئەکادیمی لە زانکۆ چەند کاتی خۆت بۆ خوێندنەوە لە بواری هونەر تەرخان دەکەی؟**

- من پێموایە ڕۆمانی هەندێ نووسەر هەمووی هونەر و کاراکتەرە، پێویستە ئەکتەر لە دەرهێنان بزانێ و لە سیناریۆ تێبگا کە تۆ دێڕێکت نووسیوە مەبەستێکت هەیە، ئەمانە هەموویان زۆر یارمەتی هونەرمەند دەدەن بۆ نواندن، من زۆر دەخوێنمەوە و زۆر زۆریش سەیری فیلم دەکەم و ڕۆژی وا هەیە نزیکەی سێ فیلم سەیر دەکەم و هەموو کاتی خۆمی بۆ



تەرخان دەکەم، چونکە ئەگەر کەسێکی ئاسایی تەنیا سەیری گرتەکان بکات، من وەك ئەکتەر سەیری لۆکەیشن و جووڵە و نواندنی ئەکتەر دەکەم و زۆر زۆر هەوڵ دەدەم خۆم پێ بگەیەنم، چونکە ئەزموونێکی زۆرم نییە لەو بوارەدا لە چاو ئەکتەرانی دیکە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین تۆ جگە لە نواندن بیر لە دەرهێنانیش دەکەیتەوە؟**

- تا ئێستا بە جددی بیرم لێ نەکردۆتەوە، بەڵام کۆمەڵە رووداوێك هەیە حەز دەکەم بیاننووسم و بیاندەم بە کەسێك کە کاری دەرهێنانی بۆ بکات. حەز دەکەم تەنیا کارێك بکەم و خەڵك بە کارەوە بمناسن و خۆم نەقورتێنمەوە نێو هەموو کارێکەوە، ئەگەر بگەمە رۆژێك کە بزانم هیچ شتێك نەماوە لە نواندن فێری بم و ئەنجامی بدەم رەنگە ئەو کات بیر لە دەرهێنان بکەمەوە، چونکە ئەکتەر لە هەر کارێکی نوێدا شتێکی نوێ فێر دەبێت لە هەموو رووبەکەوە کە ئەمانە هەموویان فێر دەبی، بەرەبەرە ئامادەت دەکات بۆ دەرهێنان.

*** درامای (دووپشك) تا رادەیەکی زۆر بووە هۆی ناسینت لەسەر ئاستی ناوخۆ، فیلمی (کلاسیکۆ) چ رۆڵی هەبوو لە ناسینت بەتایبەتی لە دەرەوە؟**

- ئێستاش زۆر جار هاورێکانی زانکۆ بە گاڵتەوە بە (رۆژین شەریفی)ی ئەکتەری گەورە بانگم دەکەن، هەرچەندە من زۆر حەز بەمە ناکەم، بەڵام ئەمە بۆ (دووپشك) دەگەڕێتەوە، ئەوەی من ئاگادار بم ئەم فیلمە لە نەرویج و چەند شوێنێکی دیکە نمایشکراوە، هەندێك خزمم لەوێ دەڵێن سەیری فیلمەکەتمان کردووە و زۆر بە دڵیان بووە، جا نازانم لە روانگەی خەڵکانی دیکە چۆنە، بەداخەوە لەبەر ئەوەی پاسپۆرتم نەبوو، نەمتوانی لە فیستیڤاڵی دوبەی ئامادە بم، هیوادارم بتوانێت شوێنێك بکاتەوە، چونکە چیرۆکەکەی زۆر جوانە.

* دوای غوربەت هیچ کارێکت پێشکەش کراوە کە رەتت کردبێتەوە؟

- بەڵێ کاری زۆرم پێشکەش کراوە، بەڵام رەتم کردۆتەوە بەهۆی سەرقاڵ بوونم بە خوێندن، یان کارەکە بە دڵم نەبوو، چونکە حەز لە زۆری و بۆری ناکەم.

*** وەك ئەکتەرێك کە لە سەرەتای کاری هونەریدای ئایندەی هونەری نواندن لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەداخەوە زۆر کەس پێیانوایە کە کورد هونەرمەند و کەسی داهێنەری نییە، بەڵام ئەمە راست نییە، من زۆر گەنجی بە توانا و خاوەن بیرۆکەی زۆر جوانم بینیوە لە بواری نواندن، دەرهێنان، سیناریۆ نووسین لە هەولێر و سلێمانی، بەڵام بێ ئومێدن و ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات هیچ باشییەك نابینم بۆیە پێویستە دەستیان بگیرێت.

*** کە ئەمانەم هەمووی هەیە ئەی چیمان نییە؟**

- پارەمان نییە، لە وڵاتان سینەما بەشێکی ئابووری وڵاتەکەیە، لێرە پێیانوایە ئەگەر پارە لە فیلمێك خەرج بکەی، وەك ئەوە وایە کە پارەکەت فڕێدابێت ئەمەش هەڵەیە.

*** چیت ماوە بیڵێی؟**

- زۆر جار لێم دەپرسن بۆ دەرناکەوی و ونی، لێرەوە دەڵێم تۆزێك لەسەرم راوەستن تا خوێندنەکەم تەواو دەکەم.